
هێناردەکردنی نەوتی هەرێم دوای دانوستانێکی بەرفراوان هەفتەی داهاتوو دەستپێدەکاتەوە



هەیبەت حەلبوسی سەرکی لیژنەی نەوت و گاز لە پەرلەمانی عێراق ئەمڕۆ چوارشەممە دووپاتی کردەوە کە "لە هەفتەی داهاتووەوە هێناردەکردنی نەوتی هەرێمی کوردستان دەستپێدەکاتەوە".

حەلبوسی لە لێدوانێکیدا بە میدیای فەرمی کە موتەبەع بەدواداچوونی بۆ کردووە، ڕایگەیاندووە، "لە هەفتەی داهاتووەوە هێناردەکردنی نەوت لە هەرێمی کوردستان دەستپێدەکاتەوە، ئەوەش دوای گفتوگۆیەکی بەرفراوان لەنێوان پەرلەمان و وەزارەتی نەوت".